# ( جوانی بێناو )، جیهانبینییەكی ڕۆمانتیكییانە

## ( مەولەوی، گۆران ، وردزۆرس و بایرۆن ) وەك نمونە

د. هەڤاڵ ئەبوبەكر حسەین/ زانكۆی سلێمانی/ سكوڵی زانستەمرۆڤایەتییەكان

پێشەكی:

ڕۆمانتیكیی، كە سەرچاوە بنەڕەتییەكەی بۆ ئەدەبیاتی فۆلكلۆریی و شیعری لیریكیی دەگەڕێتەوە، لە ئێستاشدا ئامادەییەكی دیارو بەرفراوان و كاریگەری هەیە، بەهۆی ئەوەی ئەم جۆرە بەرهەمانە گوزارشتێكی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ، لە ناخ و دەروونی مرۆڤ دەكەن، بۆیە هەڵگری سۆزێكی قووڵ و ئەندێشەیەكی فراوانن و وەستایانە گرتەی ورد لەو دیمەنە تایبەتیانە دەگرن كە كەمتر لە ئەدەبیاتی تردا وەك پێویست بایەخیان پێدراوە. لە زۆر كەرەستەو بنەماو دنیابینیی ئەدەبیاتی ڕۆمانتیكدا، بە جیاوازیی كات و سەردەم و شوێن و كەسەكان، هاوبەشێتییەكی مرۆییانە هەیە، لەم توێژینەوەیەدا، كەرەستەیەكی نوێی وەك (جوانی بێناو) دەخەینە ژێر شیكردنەوەی توێژینەوەكەمان و، لە ناو دەقە لیریكیی و ڕۆمانتیكییەكاندا بەدوای سەلماندنی ئەو گریمانەیەدا دەگەڕێین كە ئایا دەكرێت ناولێنەنانی شۆخێك، یان جوانێكی بێناونیشان، یان نازدارێكی نەناسراو، یان ناونانێك بۆ دروستكردنی فۆڕمی ناوەڕۆكێكی بینراو دوور لە ناوە ڕاستەقینەكەی خۆی، وەك كەرەستەیەكی ڕۆمانتیكیی نوێ بخەینە ڕوو؟ ئایا دەكرێت ئەو بنەمایە وەك جیهانبینییەكی ڕۆمانتیكییانە لە سەر ئاستی ئەدەبیاتی جیهانیی بسەلمێنین؟ بۆ ئەم مەبەستە چوار شاعیری جیاوازی سەردەمە جیاوازو زمانە جیاوازەكانی (كوردیی و ئینگلیزیی)مان وەك نمونەو سمپڵی توێژینەوەكەمان وەرگرتووە كە هەریەك لە (مەولەوی و گۆران و ولیەم وردزۆرس و لۆرد بایرۆن)ن، لە هەر یەكەیان ئەو دەقەمان هێناوە كە بنەما دیاریكراوەكانی تیۆرییانە بۆ جوانێكی بێناومان دیاریكردوون، بەسەریاندا دەچەسپێن، تا دواتر ئامانجی توێینەوەكەمانی پێدیاریبكەین، كە دەرخستنی (جوانی بێناو)ە، وەك بنەمایەكی نوێ و وەك جیهانبینییەكی نوێی ڕۆمانتیكیانە.

لەم توێژینەوەیەدا، میتۆدی (پەسەنشیكاریی)یمان بۆ چارەسەرسازیی و توێكاریی و شیكردنەوەو خوێندنەوەو دۆزینەوەی پەیوەندییەكانی توێژینەوەكە بەكارهێناوە. توێژینەوەكەیشمان بۆ بەشێكی تیۆریی و بەشێكی پراكتیكیی ڕاڤەكارییانە، دابەشكردووە، دواتریش ئەنجام و

سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکەمان بەهەردوو زمانی عەرەبیی و ئینگلیزیی، خستۆتە ڕوو، بایەخ و بەهای ئەم جۆرە توێژینەوانە لەوەدان کە ئاست و بەهای ئەدەبیی و دنیابینیی و ئەزموونگەرێتیی ئەدەبیاتی کوردیی لەناو ئەدەبیاتی جیهانیدا دەردەخەن و بنەما هاوبەشە مرۆیی و ئەدەبییە باڵاکان دەسەلمێنن، جۆرو ئاستی تێڕوانینی مرۆییانەی کوردو بەهای وێناکردن و بەرجەستەکردنی ئیستاتیکای دەقمان بۆ بەرجەستە دەکەن.

## بەشی یەکەم:
## (جوانی بێناو)، لە ناو بنەما گشتیی و تایبەتییەکانی ڕۆمانتیکدا

### ١/١) جیهانبینیی ڕۆمانتیکیی

مرۆڤ وەك ئامانجێکی باڵاو سەرەکیی بەرهەمە ڕۆمانتیکییەکان دەردەکەوێت، کۆی ڕەهەندو بنەما ڕۆمانتیکییەکانیش دواجار بۆ گوزارشتکردن و دواندن و وێناکردن و خەملاندن و بەهاپێدانی ئەو کائینەیە، بۆیە هەر لەسەرەتای ئەدەبیاتی ڕۆمانتیکییەوە وەك تەواوکردنی بەرهەمە لیریکییەکان کە بوونێکی مێژوویی دوورتریان لە تەرزە ڕۆمانتیکییەکان هەبووە[1]، بنەماکانی خەسڵەتێکی جیهانیانەی هاوبەشانەیان وەرگرتووە، بەو واتایەی کۆی بنەما ڕۆمانتیکییەکان بەرجەستەبووی خواست و داخوازیی و ئارەزوو ویستە مرۆییەکان بوون بەبێ ئەوەی لەم نێوەندەدا بایەخێکی ئەوتۆیان بە کات و شوێن دابێت، هەروەك چۆن دەلالەتی نەستییانەی خودی دنیابینییە ڕۆمانتیکییەکانیش بەهەمان شێوە هاوبەش بوون و، نزیکایەتییەکی زۆریان لای مرۆڤی شوێن وسەردەمە جیاوازەکان خوڵقاندووەو ئاوێزانی ڕێبازو ڕەوتە ئەدەبییەکانی تریش بوون، ((چۆن شیعری لیریکیی بووە ماکی شیعری ڕۆمانتیکیی، بەهەمان شێوەیش ڕۆمانتیکیی ئاوێزانی تەواوی ئەو ڕێبازو سەردەمو کەس‌و بابەت‌و شوێنانە بووە کە لە دوای خۆیەوە هاتوون، هەر ئەمەش وا دەکات کە سەیر نەبێت، شاعیرانێك هەبن کە نەك هەر بنەماگەلێکی زۆری ڕۆمانتیکیی لە دەربڕین‌و دەقەکانیاندا ڕەنگپێبدەنەوە، بەڵکو تەواوتەبا لەگەڵ ڕۆمانتیکیدا ڕەوتبکەن))[2]، تا ئەوەی ئەو ڕایە هاتەکایەوە کە ڕۆمانتیکیی هەمیشە هەیەو هەرگیز پیرنابێت و بەردەوام لە تافی لاویدا دەمێنێتەوە، نەك هەر ئەمەیش بەڵکو وادەکات ڕۆحی مرۆڤایەتیش بە تەڕو زیندوێتیی بیلێتەوە[3].

بۆیە گشت بنەماکانی وەك (ناولێنانی ئارەزوومەندانە، سەرسامبوون، خۆشەویستیی، ئازادیی، خەیاڵ، خەوبینین، مەزاجی شیعرییانە، تەنیاییو گۆشەگیریی، سۆزی هەڵچووانە، شڵەژانی

---

[1] بڕوانە: الکسندر بلوك (١٩٧٧: ٢٠٤).

[2] د. هەڤاڵ ئەبوبەکر (٢٠١٠: ١٦٥ ).

[3] بڕوانە: Nicole Smith (2011: Overview of Romanticism in Literature: (http://www.articlemyriad.com/overview-romanticism-literature/.

دەروونیی، تاکەکەسێتیی، خودێتیی، جوان، دڵگیر، خۆنەویستیی، خوێنگەرمیی، نەخشین، ناڕاستەقینەیی، واقیعیی، ناژیریی، مادیی، پوچێتیی، پاڵەوانتێتیی، تەمومژاویی و سۆزداریی، قوڵ و غەمگین، بەرجەستەبوون، قەشەنگ، پارێز، شۆڕشگێڕیی، زرنگانەوە، ڕەنگاڵەیی، بێوێنەو بێشێوە، ڕووکەشیی، هەستیی، وەهمیی و خەیاڵاویی، بێعەقڵیی، هەستێکی شیاو، شڵەژانی ئەندێشەو بێپەیڕەویی، نەخۆشیی، شەپۆلێکی کوێرانە ڕووەو خودپەرستیی، گەڕانەوە بۆ سروشت، سەیرو سەرسوڕهێنەر، ...تاد)[٤]. ڕۆمانتیکیی دێت و دەخوازێت بگاتە شتە باڵاو بەهادارەکان، بۆ ئەمەیش پێویستی بە تێپەڕاندنی شتە باوو سنورە دیاریکراوەکانە، ((پێویستە مرۆڤ سنورە تەسک و دیاریکراوەکانی هۆش و بیرکردنەوەی هۆشمەندانە تێبپەڕێنێت، بۆ ئەوەی بتوانێت بگاتە شتە شکۆمەندو بەرزەکان، کە بیری هۆشمەندانە ناتوانێت پەییانپێببات))[٥]، شتە نهێنیی و شاراوەکان دەکاتە سەرچاوەو هونەرمەندانە ئەو شتانە دەدرکێنێت کە مرۆڤەکان لە ژیانی ئاسایی خۆیاندا زاتی درکاندنیان ناکەن[٦]، لە ناوەوە بۆ دەرەوە دەڕوانێت و بەچاوی نەست دەبینێت و هەست دەخاتە ژێر دەسەڵات و هەژموونگەرێتیی نەستەوە، لێرەدا ئەو شت و کەس و کات و شوێن و ڕووداوانە بەیەکەوە کۆدەکاتەوە، کە بەئاسانیی ناتوانرێت لە ژیانی ئاساییدا کۆبکرێنەوە، خود دەتوانێت دەستی بگاتە ئەو کەس و شوێنانەی کە ناتوانێت لە ژیانی واقیعدا بیانگاتێ و دەستیان بۆبەرێت.

بیرکردنەوەو تێڕامان و سەرنجدانی بێ ئەندێشەگەریی، تەنها دەتوانێت بگاتە زانینی ڕاستەقینەیەك، بەڵام خەیاڵی ڕۆمانتیکیی لەم ئاستەدا ناوەستێت کە تەنها ڕاستەقینەیەك وەکو خۆی وێنابکات و ببینێت، بەڵکو ئەو پەیوەندییانە دەگۆڕێت کە ڕاستییەکانیان بەرهەمهێناوەو، لێیانەوە ڕاستیگەلێکی تر بەهۆی دۆزینەوەی پەیوەندییە هەستپێنەکراوەکانی ترەوە بەرهەمدەهێنێت، کە لە زۆربەردا پەیوەستە بە زرنگیی و هەستیاریی و زەین و دەروونڕونیی نووسەرەکەوە.

### ٢/١) جوانی بێناو، وەك بنەمایەکی ڕۆمانتیکیی

لە بنەمای ئەندێشەگەریی و سۆزی قوڵ و بینینی نەستیانەو سروشتگەرێتییەوە، وێناکردن و ناونانی ئارەزوومەندانەو هونەرمەندانەو شیعرییانەی ڕۆمانتیکیانە سەرچاوە دەگرێت، ئەو دەرفەتە بۆ شاعیر دەسازێت کە بە ویستی خۆی ناو لە کەسەکان و شتەکان و دیاردەو کات و سەردەمەکان بنێت (ڕۆمانتیکیی خەیاڵی بینینی ڕەها دەکات لە ڕێی شەپۆلەکانی سروشت خۆیەوە)[٧]، هەر وەك چۆن (ڕۆمانتیکیی خواستی دۆزینەوەی ڕەهادەکات لە ڕێی شتە ڕێژەیی و

---

[٤] بڕوانە: د. هیمداد حوسێن (٢٠٠٧: ١٠٤– ١٠٥)، د. محمد غنیمي هلال (١٩٧٣: ٦)، Jacques Barzun (1961: 10)، Ernest Bernbaum (1949: 301-303) .

[٥] بولند اجاوید (٢٠٠٤: ٥٤)، Nicole Smith (2011) .

**الأولى:** [٦] بڕوانە: حاتم الجوهری (٢٠١٣)، Charles Feidelson (1953: 8).

[٧] Ernest Bernbaum (1949: 301).

دیاریکراوەکانەوەو، دەخوازێت لە نێوان ڕاستەقینەو وەهمدا پێکەوەلکان‌و بەیەکەوە گونجان بکات)[8]، لێرەدا وێناکردن و ناونانی بێناوانە وەك دنیابینییەکی بەرفراوانتر دێتەکایەوە، بەشێوەیەك کە شاعیری ڕۆمانتیکیی دەیەوێت لە ڕێی شاردنەوەی ناسنامەی کەسێکەوە لەناو کەسەزۆرو جیاوازەکاندا بۆ کەسێك بگەڕێت کە خۆی دەیەوێت، یان وێنای کەسێك دەکات کە توانای زانینی ناوەکەی نییە، بۆ ئەوەی بتوانێت لە ڕێی پەسەنکردنی سیفاتەکانییەوە بەرجەستەی بکات، یاخود بەهایەکی گەورەتر بە کەسێك بدات کە بەناونەهێنانی گەورەتر لەوەی هەیە دەردەخرێت، بەهەموو ئەم شێوانە کەسێتییەکی ناولێنەنراوی ناو دەقێکی ئەدەبیی زیندووترو بزواوترو نەمرانەترو ڕەسەنترو سیفاتدەرخراوانەتر دەردەکەوێت، بەو مانایەی شاعیر دەتوانێت بەناو نەهێنانی کەسەکە ناوی هەموو ئەندامەکانی لەش و جوانییەکانی و شتە شاراوەو ئاشکراکانی بهێنێت. هەر وەك چۆن دەتوانێت مرۆڤێك بە ئەندێشە بخوڵقێنێت وەك ئەوەی کە شاعیر لە خەیاڵی خۆیدا دەیخوازێت نەك وەك ئەوەی خۆی هەیە، ((خەیاڵ وێنەکردنی شتێك یان کەسێکە کە مەرج نییە بوونێکی ڕاستەقینە یان ئامادەییەکی ئێستاییانەی هەبێت))[9]. بۆیە لەم جۆرە شیعرییەدا شاعیر وەك نیگارکێشێك یان پەیکەتاشێك دەردەکەوێت. هەموو ئەم تایبەتمەندییە کراوانەیش وا دەکەن کە خەسڵەتێکی جیهانییانە بەم ڕەهەندە ڕۆمانتیکییە بدەن، بەو مانایەی هەر کەسێك دەگرێتەوە کە هەڵگری ئەو تایبەتمەندییانە بێت کە شاعیر پێی دەبەخشێت، بەبێ بەستنەوەی بە کات و شوێنێکی دیاریکراوەوە، ڕۆمانتیکییەکان دەیانڕوانییە دەرونی خۆیان و لە ژیانی تایبەتیی خۆیاندا بۆ هەستگەلێکی نامۆو سەیر دەگەڕان وەك ئەوەی دەیانخواست وێنایان دەکرد[10].

هەر ئەم بنەمایانەیش وایانکردووە کە (ناولێنەنانی جوانێك)، بە جیاوازیی سەردەم و شوێن و کەسەکانەوە، وەك بنەماگەلێکی هاوبەش لای چەندین شاعیری ڕۆمانتیکیی دەربکەون، کە ئێمە لێرەدا چەند دەقێکمان وەك نمونە هێناونەتەوە. دواجار شاعیر دەست وبیرکراوانە ((کار لەسەر (هەر کەسێك) دەکات، نەك تەنها (کەسی هەڵبژاردەو نمونەیی)))[11]، بەمەیش شاعیر هەژمونگەرێتی (منی شاعیر) لە هونەردا دەچەسپێنێت‌و بەها بە (منی شاعیر) دەبەخشێت لە دەقەکاندا[12]، گیان (ڕۆح) لە بونیاتە جەستەییە فیزیکییە باوەکەی دەربازدەکات و گیان لە جەستە ماتریاڵییەکەی جیادەکاتەوەو سەربەخۆی دەکات، ئاگاییەکانی گیان بە خودی خۆی و هاتنەکایەی خودهۆشیاریی بەگەڕدەخات[13]، واتە دواجار وەستانەوەی گیان لەگەڵ خودی خۆیدا، نەك وەستانەوە لەگەڵ

---

[8] Ernest Bernbaum (1949: 302).

[9] مثنی حامد (٢٠٠٦: www.azaheer.org/vb/archive/index.php/t-19193.html).

[10] بڕوانە: ایفور ایڤانز (١٩٥٨: ٥٩).

[11] أتيلا أوزقرملي (٢٠٠٤: ٢٢).

[12] بڕوانە: ڕەزا سەید حسێنی (٢٠٠٦: ٦١).

[13] بڕوانە: امام عبدالفتاح امام (١٩٨٤: ٣٣)، Timothy Morton (2004: 116).

دەرەوەی خوددا[١٤]، تا لەوێ ئازادانە ئەوەی دەیەوێت ببینێتو دەستی بۆبەرێت و جوانیی بەرهەمبێنێت، ((ئامانجی هونەرمەند، بەرهەمهێنانی جوانییە))[١٥]، جوانیش گوزارشتکردنێکە لە ڕەنگاڵەیی دیاردە سروشتییو کۆمەڵایەتییو هونەرییەکان، کە شاعیر زرنگانە دەیانهێنێتو هارمۆنییەت لە نێوانیاندا بەجۆرێك پێکدەهێنێت کە وەك یەکەیەکی ئیستاتیکیی دەربکەون، بە هۆی بەرجەستەکردنی جوانییەکانیشەوە نەمریی و ڕەسەنایەتیی و بەهاداریی دەڕسکێنێت.

(جوانی بێناو)، ئەو شۆخە ئایدیاڵە، لە سروشت نزیکە، بێڕتووشەیە، کە فەنتازیای ئەندێشەی بە کەرەستەو خواست و ویست و ئارەزووی شاعیرانی ڕۆمانتیك دەکێشرێت و بنەما ڕۆمانتیکییەکانی تێدا بەرجەستە دەکات، ئایدیاڵیەت و سروشتگەرێتیی دەکرێتە ڕەنگ بۆ وێنەکێشانی ئەو شۆخەی شاعیر دەیەوێت بڵێت کە بەبێ ئەو نە سروشت نە گەردوون نە ژیانو نە بوون و نە جوانییەکان واتایەکیان نییە.

ڕۆمانتیکیی لە قوڵایی پرۆژەیەکی خودگەرییانەوە سەرچاوە دەگرێت و خواستی بە کۆمەڵایەتیکردنی یان بە دیاردەکردن و بە بەهای کۆمەڵایەتیکردنی ئامانجەکانی هەیە[١٦]، بەو واتایەی شاعیر ئەو پەیامە بەرجەستە دەکات کە ئەوە، ئەوە بەخوێندنەوەی وردی بۆ وێناکردنی کەسێك فۆڕم و ناوەڕۆك و ناوو ناونیشان و تایبەتمەندیی و جوانییەکی باڵاو بەهایەکی نوێ دەبەخشێتە ئەو کەسەو وەك سیمبولێکی شکۆمەند دەیهێڵێتەوەو دەیکاتە پێوەر بۆ پێوانەکردنی کەسەکانی تر.

بە (جوانی بێناو)، شاعیر ڕەهایەتیی دەبەخشێتە شۆخێك یان کەسێك، وایمەزەندەدەکات کە ناولێنان و ناسینی لە بەر (بەهاداریی و جوانیی و خەسڵەتەکانی) سەختەو، هیچ ناوێك ناتوانێت ببێتە ناونیشانی ڕاستەقینەی ئەو شۆخە، ئەو سیفات و ناونانانەیش کە لە هەندێك دەقی (جوانی بێناودا) دەردەکەون، تەنها بۆ دیاریکردنێکی لۆژیکیانەیە تا بتوانێت ئەوەی شاعیر وێنایکردووە بە خەڵکی بناسێنێت.

**بەشی دووەم:**

**(جوانی بێناو)و جیهانبینیی شیعریی لە دەقەکانی (مەولەوی، گۆران ، ۆردزۆرس و بایرۆن)دا**

**١/٢) مەولەوی و (جوانی بێناو):**

**١-١/٢) دەقی (چون چیهرەی خەیاڵ)[١٧]:**

**چون چیهرەی خەیاڵ ڕوخسارەکەی وێش**

**نە تۆی پەردەی دڵ مەعدومی دڵ ڕێش**

**نمانا جەمین شای سۆسەن خاڵان**

---

[١٤] بڕوانە: د. أميرە حلمی مطر (١٩٩٨: ١٣٤).

[١٥] فیلیب فان تیغیم (١٩٨٠: ١٩٢).

[١٦] بڕوانە: Nicole Smith (2011).

[١٧] مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس (دیوانی مەولەوی:٢٠٠٧: ١٩٩).

کەم کەم جە گۆشەی لای سیا مالآن
زەمین منەت بار پا نییاو مەویەرد
جارجار وە ڕووی ناز باوەشێن مەکەرد
باوەشێن مەکەرد ئەو سەفحەی بێگەرد
نازکییش جە باد ئیحتیات مەکەرد
نە تۆی تاریکیی تای شەدەی بێگەرد
لە تافەت چون ئاو حەیات مەوج مەوەرد
غەریب بیم چەنیم کەرەم نمانا
وە سەوقات پەرێم خەندەنگێ شانا
ئەرسەد چون یاران گیان تەسلیم کەردم
خاس بی پەی یادگار خەندەگێ بەردم

– دەقەکە بە شێوەزاری سلێمانی:

وەکو ڕووی خەیاڵ

وەکو ڕووی خەیاڵ ڕوخسارەکەی خۆی
لەناو پەردەی دڵمەعدومی دڵی بریندارکراوەوە
شای گوڵ سۆسەنی ئەرخەوانی کوێستان، ناوچەوانی دەرخست
ورده ورده لە پشتی دەوارەوە خۆی نواند
زەمین منەتباربوو کە ئەو پێی پێدا بنایەو بەسەریدا ڕێی بکردایە
جار جاریش بەڕووی نازەوە باوەشێنی دەکرد
باوەشێنی دەکرد ڕووی بێگەردی خۆی
ڕووی بێگەردی ئەو، خۆی لە بای باوەشێنەکە پەنا دەگرت نەبادا ئازاری بدات
لە نێو تاریکیی تاڵە ڕەشەکانی شەدەی بێگەردییەوە
ناسکیی، وەك ئاوی حەیات شەپۆلی دەدا
غەریب بووم، ئەو سەخاوەتی لەگەڵمدا نواند
بەدیاریی تیرێکی تێگرتم
هەرچەند منیش وەکو یاران گیانم تەسلیمکردو کوژرام
بەڵام هەر نەبێت، هەر باش بوو، تیرێکم لەگەڵ خۆم بە یادگاریی برد.

## ٢-١/٢) (جوانی بێناو) وەك كەرەستەیەكی ڕۆمانتیكییانە لای مەولەوی:

((مەولەوی، وای داناوە كە ئەو نازدارە ئەوەندە شۆخ و جوانە هیچ شتێك نییە بۆ ئەوە دەس بدا پێی بشوبهێنرێ جگە لە وێنەی خۆی – نازدارەكە– لە دڵی ئەم دا –مەولەوی– شاعیردا))[١٨]، مەولەوی لەم دەقەدا نەك هەر تەنها فۆرمێكی شێوەكارییانەی هونەرمەندانەی ئیستاتیكیانە بە شۆخێك دەبەخشێت، بەڵكو بەهۆی ئەو شۆخەو سەرسامیی خۆیەوە ڕوو بۆ خەیاڵیش دیاریدەكات، پێی وایە سنورەكانی خەیاڵ كراوەنین بەڵكو ئەوە جوانیی شۆخێكە كە ڕەهایانە دێت و خەیاڵی شاعیرو خودی خەیاڵ دەخاتە ئەو چوارچێوەیەی كە خۆی دەیەوێت، پێی وایە كە ئەو شۆخەیە بەها بەسروشت دەبەخشێت، ئاستی شەیدایی و قووڵیی سۆزو ئیدراكە نەستیی و هەستییەكان بەجۆرێكن، كە شاعیر برینداریی دڵی خۆی لە بیردەچێتەوە، شانازیی بەو برینە سەختەوە دەكات كە تیری موژگانی ئەو شۆخە لە جەستەی داوە، نەك هەر ئەوە تیری بە نیگای ئەو هاوێژراویش، وەك دیارییەكی بەنرخ دەبینێت و پێی وایە كە لە خەیاڵاتی دوور مەودادا دەتوانێت لەم دیارییەوە بچێتەوە سەر شای گوڵ سۆسەنی، شاعیر پێی وایە هاتن و هەنگاوەكانی ئەو بەشێكن لە شەپۆلەكانی ئاوی حەیات و، نەمریی بە مرۆڤ دەبەخشن، ئەگەر ئەو نیگارەی لە پشت دەواری ڕەشی ڕەشماڵەوە، وەختە خۆی نمایشبكات و ئەو نازدارەی تەنها و تەنها هەر ناوچەوانێكی نواندبێت، ئەوا وێنەی بەرامبەرو هاوتەریبی ئەندێشەیی ئەو ڕاستەقینەیەیە لە خەیاڵی مەولەویدا هەر بەشێك لە ڕووخسارو وێنەی ئەو نازدارەیە كە لە ئاوێنەی بریندارکراوو ڕوشاوو دڵمەعدوومی شاعیردا شكانەوەی خۆی پەخشدەكات. لە چوار نیوەدێڕی یەكەمدا، مەولەوی پەیوەندیی ئەو ڕوخسارەو دڵی خۆی شیدەكاتەوە، دواتر خۆویستانە خۆیو خامەكەی دەهێنێتە ناو ئەو دڵ و دنیای خەیاڵەوە كە خۆی وێنای كردووە، چیتر كاری بەو تەنها ناوچەوانە بینراوەی نازدارو ئەو تاكە گرتەیەوە نامێنێت كە لە جیهانی ڕاستەقینەدا هاتۆتە بەردیدەی. لە چوار نیوەدێڕی دووەمدا، ئەو دیمەنە تەواوكارییانە تەواودەكات كە تیایدا نازدار ئازادانە بە دڵ و دەروونو زەینی شاعیردا گوزەردەكاتو شاعیر بە ئاسانیی دەتوانێت هاتوچۆو تێپەڕین و باوەشێنكردن و تەواوی ڕوخسارو نازو غەمزەو خودپارێزیی ئەو نازدارە بەدیبكات. لە چوار نیوەدێڕی سێیەمدا، پەیوەندیی ئۆرگانیی لە نێوان ناسكیی و تاریكیدا دروستدەكات، وەك هاوتەریبێكی تری جوانی بێناوو ڕەشماڵ، وێنەی ئەوو دڵی شاعیر، جارێكی تر لە گۆشەنیگایەكی ترەوە خۆی دەردەخاتەوە، ناسكیی وەك نهێنیی ژیان لە تاریكییەكانی كانیاوی ئاوی حەیاتەوە سەردەردێنێت، وەك تیرێك لەو غوربەتەدا دەردەچێت و ئاراستەی نیشانەیەك دەكرێت كەچیتر خۆی بە غەریب نازانێت كە (دڵی شاعیر)ەو، دڵشاد دەبێت بەو تیرەی لە باتی مردن، واتای ژیانەوەو

---

[١٨] مەلا عەبدولكەریمی مودەڕیس (دیوانی مەولەوی:٢٠٠٧: ١٩٩).
بڕوانە: ڕەفعەت مورادی (٢٠١٠: ٣١– ٣٨).

ناسکیی و ئاوی حەیات و ناسیاویی و بوون بە نیشانەی تیرئەندازێك دەگەیەنێت، کە هەمووان مەینەتباری تیرو ڕەوتی ئەون.

ئەم شۆخە لە کەسێکی ئاسایی و سروشتیی دەردەچێت و خەیاڵ دەیباتە قوڵایی ئەفسانە، یان ڕۆچوونێکی ڕۆحیانەی باڵا، یان دیدگایەی تەسەوفییانەی وەها، کە تیر لە هەر زیندوویەك بدات بۆ تا هەتا بە زیندوویی یان نەمرانە دەیهێڵێتەوە، بۆیە ناکرێت بتوانرێت ناوی لێبنرێت، یانیش ناو بۆ ناوەڕۆکێکی بەهادارانەی وەها، بەهایەکی ئەوتۆی نامێنێت.

٢/٢) گۆران و (جوانی بێناو):

٢/٢-١) دەقی (جوانی بێناو)[١٩]:

جوانی بێناو

قژ کاڵی، لێو ئاڵی، پرشنگی نیگا کاڵ،
ئەی کچە جوانەکەی سەرگۆنا نەختێك ئاڵ!
ئەی کچە مەنگەکەی بە دەنگی چپە دوو،
گەندەمووی دەمووچاو، مەچەك هەڵنەگرتوو
ئەی ئەندام وردیلەی، نەرمۆڵەی ئێسك سووك،
ئەی بەرگی ساکارت دڵگیرتر لە هی بووك!
ڕاستە من ڕێبوارم، سەرپێیی ئەڕوانم،
بەڵام وا جوانی تۆ کاری کرد لە گیانم،
ئەڵێی، نەك هەر ئێستا، عومرێکی درێژە
بەو دەستو پەنجانەت برینم سارێژە!..
ئەی کچە کاڵەکە! جوانی تر بازۆربن،
لە باغچەی بەهارا گوڵباخی بەرخۆربن،
با ڕەنگیان پەرداخت بێ و جێگەیان سەرچڵ بێ،
بە واتەی خەڵکی تر با ناویان شاگوڵ بێ،
گیانی من بۆ تەڵێ وەنەوشە پەرۆشە،
کە لەژێر سێبەری تووترکا خامۆشە!
لە هەموو ئاسمانا ئەستێرەی بەربەیان!
ئەخاتە دڵی من هەستێکی سپی و جوان!
لە تەختێك هەڵدەستێ هەزارو یەك نەغمە:
ئەوەیان شیرینتر دێتە گوێم زۆر نزمە!
کانییەکی ڕوونی بەر تریفەی مانگەشەو:

[١٩] محمدی مەلا کریم (دیوانی گۆران: ١٩٨٠: ٣٥).

له بنیا بلەرزێ مرواریی زیخو چەو،
جوانترە لە لای من لە دەریای بێ سنوور!
شەپۆلی باتە بەر تیژگی ڕۆژ شڵپو هوور!
قژ کاڵی، لێو ئاڵی، پرشنگی نیگا کاڵ،
ئەی کچە جوانەکەی سەرگۆنا نەختێك ئاڵ!
دەربەست نیم ڕێبوارم، دەربەست نیم ڕەوتەنیم،
دەزانی شپرزە و دەربەستی ئێجگار چیم؟
هی ئەوەی نیگارێك لە یادم کێشراوە،
شۆخێکی نایابە، بەڵام ئاخ، بێناوە!..

٢-٢/٢) (جوانی بێناو) وەك کەرەستەیەکی ڕۆمانتیکییانە لای گۆران:

سەرەتا، لەشەش نیوەدێڕدا، شاعیر لە ڕەگەزە سروشتییەکانی جوانێکی بێناو دەدوێت، هەر لە قژو لێوو گۆناو دەم و چاوەوە کە جوانییەکی دیارو ڕونن، تا دەگاتە جوانییە قووڵ و شاراوەکانی وەك نیگاو مەنگیی چاو، هەموو ئەمانەیش بە میتۆدێکی پەسەنکارانەی دوور لە زیادەڕەویی و نائاساییبوون، باسدەکات، بەڵام بە وێناکردنێکی نیگارکێشانەی زیرەکانەی وردەکارانەی وەها کە بەبێ زۆر لەخۆکردن، وەك ئەوەی بیرو جەستەی کەرەستەیەك بووبن بە دەست ڕۆح و دەروون و نەستییەوە، توانیویەتی بەوشە دیارو ناسك و ئاوازدارە سروشتییەکانی کە وەك بونیاتی سروشتیی هەر پێکهاتەیەکی جوان دەردەکەون، وێنەیەکی زۆر نزیك لە ڕاستەقینەوە، لە ئەندێشەی خوێنەردا بکێشێت.

گۆران لەم دەقەدا مۆدێلێکی نوێ لە مرۆڤ، بەتایبەتی (مێ) دەهێنێتە ناو ئەدەبیاتی کوردییەوە، کە تا پێش ئەم دەقەی گۆران و بەدرێژایی مێژووی ئەدەبی خۆرهەڵات وێنەیەکی نامۆو نەبینراو بووە، ئەویش شۆخێکی قژ کاڵە، کە پێشتر شۆخی خوازراو دەبوو پرچی ڕەش بێت.

لە چوار نیوەدێڕی دواتردا، شاعیر باس لە ئاستی کاریگەربوونی خۆی دەکات بەو وێنەیەی لە پێشتردا کێشاویەتی، گۆران وەك ڕێبوارێکی سەرەڕێ و بینەرێکی ڕاگوزەر و بێنازو سەرقاڵ بە کارەکانی خۆیەوە، لە ئاست ئەو جۆرە لە جوانیدا سەرسام دەبێت و لە جوڵەی جەستەوە دەکەوێتە باری وەستان، لەئاستە دەروونیەکەشیدا، لە دەرونێکی نامۆی خەمباری وەستاوەوە دەگۆڕێت بۆ هەڵچوونێکی دەروونیی زۆرو جوڵەیەکی دەرونیی خێرا*، دیسانەوە تیری

* ڕێبواریی (گۆران) دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەوکات، یان کاتی نووسینی ئەم دەقە، گۆران لەگەڵ هەریەك لە (ڕەفیق چالاك و ڕەمزی قەزاز)دا، لە ڕادیۆی کوردو کوردستان بوون لە یافا لە فەلەستین کە دەکەوێتە کەنارەکانی خۆرهەڵاتی دەریای سپیی ناوەڕاستەوە، چوونەتە کەناری دەریاو گۆران لەوێ ئەم دیمەنەی دیوە، بینینی شۆخێك کە نازانێت کێیە، خەڵکی کوێیە، چییە؟ هەر بۆیەشە دواتر لە بەهادارییی و جوانیی سروشتی کوردستان و کانییەکی بەر تریفەی مانگە شەو دەدوێت و بەراوردی دەکات بە شەپۆلەکانی دەریا. سوود لە پ.د. عیزەدین مستەفا ڕەسول (٢٠١٤: چاوپێکەوتن)، وەرگیراوە، کە لەسەر زاری خودی (گۆران) خۆیەوە وەریگرتووە.

**ئەوین وەك لای مەولەوی بینیمان دڵ و دەروونی گۆرانیش دەكاتەوە بە نیشانە، بەهەمانشێوە برینی جەستەو دەروونی ماندووی بە ئەڤین و جوانییەكانی سارێژدەكاتەوە. جوانییەك كە لە گیانەوە دێت و فریای گیان دەكەوێت.**

**شاعیر لە چوار نیوەدێڕی دواتردا، دێتە سەر باسكردنی ڕاو سەرنج و حەزو ویستو ئارەزووی خەڵكانی تر، لە بارەی جوانیی و پایەی شۆخ و شەنگیی و شۆرەت و ناسراوییانەوە، وەك (شاگوڵ، گوڵباخی بەرخۆر)، گۆران لاوازیی ئەو جۆرە پێوەرو بۆچوونانە زەقدەكاتەوەو، ناوازەیی و تاقانەیی جوانە بێناوو بێناونیشانەكان دەكاتە سەنگی مەحەك، لە دە نیوەدێڕی دواتردا، بەهەمان شێوەی مەولەوی سروشت تێكەڵدەكاتەوە بەمرۆڤ، ئەمیش لە هەمان دیدگاوە جوانیی سروشت دەبەستێتەوە بە جوانیی مرۆڤەكانەوە، بەوواتایەی كە دواجار ئەوە مرۆڤە جوانیی بە سروشت دەبەخشێت، یان دەتوانێت جوانیی سروشتێك بگۆڕێت، گۆران دەیەوێت شۆخێكی كەنار دەریا بە ئەندێشەی خۆی هەڵبگرێت و بیكاتە تەڵێ وەنەوشەی ژێر سێبەری توتڕكێك، توتڕكێك كە زادەی ڕەسەنایەتیی نیشتمانەكەی خۆیەتی، لێرەدا گۆران دەیەوێت شۆخێك دابڕێت لە شوێن و كات، بیگوێزێتەوە بۆ ئەو شوێن و كاتەی خۆی دەیخوازێت، توانستی گوێزانەوە بەدەر لە كات و شوێن، دیدگایەكی جیهانبینییانە دەدات بەو بیرانەی شاعیر لە فۆڕمی وشەو شێوەی وێنە شیعرییەكانیدا دایڕشتوون، ئەمەش ڕەگەزێكی دیاری دەقە ڕۆمانتیكییەكان بەرجەستە دەكات. شاعیر دەیەوێت بڵێ، لە هەر زۆرێك تەنها یەك، یەكێك كە زەینی جوانناسیانەی خۆی دەیناسێت ئەگەر نا نەناسراوە، بەهادارە، تەنها تەڵێك وەنەوشە، تەنها ئەستێرەی بەربەیان، تەنها كچە كاڵەكە، تەنها نەغمەی هێمن و هێواش.**

**دواجار ناوەڕۆكی جوانێك، بەهەمان شێوەی مەولەوی بەسەر ناویدا زاڵدەبێت و بەهایەك بۆ ناو لەناو نیگارێكی ئاشكراوو دیاری پڕناوەڕۆكدا ناهێڵێتەوە، بۆیە ئەو شۆخە ناوی هەرچی بێت هێندەی ئەوە گرنگ نییە كە شۆخێكی نایابە.**

٣/٢) **ولیەم وّردزۆرس** (William Wordsworth (1770-1850)) **و (جوانی بێناو):**

١-٣/٢) **دەقی** (She Dwelt among the Untrodden Ways)[20]:

She Dwelt among the Untrodden Ways

She dwelt among the untrodden ways
Beside the springs of Dove,
A Maid whom there were none to praise
And very few to love:

A violet by a mossy stone

[20] http://www.poetryfoundation.org/poem/174818.

Half hidden from the eye!
--Fair as a star, when only one
Is shining in the sky.

She lived unknown, and few could know
When Lucy ceased to be;
But she is in her grave, and, oh,
The difference to me

– دەقەکە بە کوردی:

(ئەو هاونشینی ڕێگا تەینەکراوەکانە)

ئەو هاونشینی ڕێگا تەینەکراوەکانە
لەتەك سەرچاوەکانی ڕووباری دۆڤدا،
ئەو کابانێکە کە ستایشکەری نەبووە
خەڵکانێکی زۆر کەمیش هەبوون خۆشیان بوێت.
ڕەنگی ئەرخەوانیی ئەو بەهۆی بەردێکی قەوزە لێنیشتووەوە
نیمچە شاراوەیە لەبەر چاو،
.. .. شایستەیە، هەروەکو ئەستێرەیەك کەتەنها هەر یەکێکە
کە لە ئاسماندا دەدرەوشێتەوە.

ئەو بە نەناسراویی ژیا، کەمێکیش توانیان بزانن ئاخۆ
(لوسی) کەی و بەچییەوە گیرۆدە بووە:
بەڵام ئەو ئێستا لە نێو گۆڕەکەیدایەو، ئاخ !
ئەوە جیاوازییەکەیە بەلای منەوە.

٢-٣/٢) (جوانی بێناو) وەك کەرەستەیەکی ڕۆمانتیکییانە لای وۆردزۆرس:

وۆردزۆرس دەڵێت: ((خەیاڵ ئەو توانستە کیمیاییەیە کە بەهۆیەوە ڕەگەزە لێکدوورەکان تێکەڵاوی یەکتر دەبن و لەیەکتردا دەتوێنەوە، لە شتە جیاوازو ناکۆکەکان شتێکی گونجاو بەرهەم دەهێنێت))[٢١]. لەم دیدگایەوە، وۆردزۆرس لە سێ کۆپلەدا لە جیاوازیی و تاکبوونی جوانێکی بێناو دەدوێت، لێرەدا (لوسی) ناوێکی پێشنیازکراوو خۆویستانەیە لە لایەن شاعیرەوە دراوەتە پاڵ ئەو کارەکتەرە بێناوو بێناونیشانەی شاعیر هەر لەسەرەتاوە تا دەگاتە دوا کۆپلە کە وشەی (لوسی) تێدابەکارهاتووە هەمیشە بە (ئەو)، ناوی دەبات و وەك نەناسراو ئاماژەی پێدەکات، ناوەکەیش وەك هێمایەك بۆ ناسینەوە دایدەنێت نەك ناوێك بۆ ناونان.

[٢١] د. محمد غنیمی هلال (١٩٧٠: ٨١).

**له کۆپلەی یەکەمدا، شاعیر باس لە سروشت و دیالێکتیکیەتی نێوان سروشت و مرۆڤ دەکات، جوانییەکانیان ئاوێزانی یەکتر دەکات و پێی وایە ئەوە ئەوە بە جوڵەی ڕێگاکان دەکاتە ڕێگاو بە وەستانی ڕێگاکان لە ڕێگابوون دەخات، ئەو جوڵە بە ڕووباری دۆڤ دەبەخشێت و ئەگەر چاوی لێك بنێت ئەوا شەپۆل لە جوڵە دەکەوێت، ئەو نەبینراوە تا کەس بیناسێت یان ستایشی بکات، جوانییەکان بەودا دەناسرێن، ئەمە لای (گۆران)یش بەهەمان ڕوانین لە کانییەکی ڕوونی بەر تریفەی مانگە شەودا ڕەنگیداوەتەوە، کە سازگاریی و ڕوونیی و شیرینی دەنوێنن، بێوێنەیی جوانێك دەسەلمێنن.**

**لە کۆپلەی دووەمدا، ئەو جوانە ڕەنگی بەردی قەوزەداری ئەرخەوانیی و مۆرو قاوەیی و شینباوی گرتووەو، دەستلەملانی ساتەوەختی خەندەو چپەو بزێوییەکانی ئەو قەوزەو ڕەنگانەیە بەدەست لەرەی ئاوو ڕەوتی تەنکاوەکانەوە، لەم بارەدا شاراوەو نەناسراوو نادیارە لای خەڵکانی ئاسایی، بەڵام سەرباری ستایشنەکراویی ئەو،  ئەو شایستەیە وەك ئەو تەنها ئەستێرەیەی لە ئاسماندا دەدرەوشێتەوە، وەك لای گۆرانیش خستمانەڕوو.**

**لە کۆپلەی سێیەمدا، شاعیر ئەو شۆخە نەناسراوە بە (لوسی) ناوزەددەکات، هاوکات بە دوو دیمەن باس لە نەناسراویی ئەو شۆخە دەکات، یەکەمیان کە دەڵێت ئەو بە نەناسراویی ژیا، دووەمیشیان بریتییە لە دیمەنی شاراوەی فیزیکیی ناوگۆڕو دیارنەمانی جەستەو تەنی ئەو کارەکتەرە. لێرەدا بەهەمان شێوەی دوا دیمەنەکانی مەولەوی و گۆران، ۆردزۆرسیش گەمەیەکی ئەندێشەیی زۆر هونەرییانە تۆماردەکات دەربارەی ڕواڵەتی دیمەنەکانی مەرگ و ژیان‌و مانا پێچەوانەو شاراوەکانی ئەو دیمەنانە.**

**ئەو کە شاعیر دەزانێت ناوی لوسی نییە، بەڵام هەموو ئەوانی تر بە لوسی دەزانن، بۆیە لەگەڵ ئەوەی زۆرن ئەوانەی وادەزانن دەیناسن، بەڵام شاعیر پێی وایە ئەوە تەنها خۆیەتی کە دەیناسێت و درك بە جوانییەکانی دەکات و پەی بە پەنهانییەکانی دەبات و دڵنیایشە کە ناوی لوسی نییە، بەڵکو جوانێکی بێناوەو جوانییەکانی بە شاعیریان ناساندووە، لای شاعیر ئەو نەمردووە، چونکە جوانییەکانی نامرن، بەردەوام زیندوێتیی کەسێك دەگێڕنەوە، بۆیە گۆڕەکەی ژوانی بەیەك گەیشتنی شاعیرە لەگەڵ ئەوداو هێمای نەمریی و زیندوێتییەتی نەك مردن و مەرگ.**

٤/٢) **لۆرد بایرۆن** (George Gordon Byron(1788-1824)) **و (جوانی بێناو):**

٢/٤-١) **دەقی** (She Walks in Beauty)[٢٢]:

She Walks in Beauty

She walks in beauty, like the night
  Of cloudless climes and starry skies;
And all that’s best of dark and bright
  Meet in her aspect and her eyes;

---

[٢٢] http://www.poetryfoundation.org/poem/173100.

Thus mellowed to that tender light
  Which heaven to gaudy day denies.

One shade the more, one ray the less,
  Had half impaired the nameless grace
Which waves in every raven tress,
  Or softly lightens o’er her face;
Where thoughts serenely sweet express,
  How pure, how dear their dwelling-place.

And on that cheek, and o’er that brow,
  So soft, so calm, yet eloquent,
The smiles that win, the tints that glow,
  But tell of days in goodness spent,
A mind at peace with all below,
  A heart whose love is innocent!

**- دەقەکە بە کوردی:**

**(ئەو خۆ بەنێو جوانییدا دەکات)**

**ئەو خۆ بەنێو جوانییدا دەکات، وەك شەوگارێکی**
**کەشی سامالْ و، ئاسمانێکی پڕ لە ئەستێرە:**
**هەموو باشترینی تاریکایی و گەشانەوەیەك**
**لە ڕوخسارو چاوانیدا جەم دەبن:**
**وەها ڕووی بەو تروسکە ڕۆشنایيە نەرمونیان دەبێتەوە**
**کە ئاسمان، تەنانەت بۆ ڕۆژگاری ڕەنگاڵەو زەقیش، بە ڕەوای نەبینیوە**

**ئەو تاریکیی و تروسکاییە، یەکێکیان زیاتر تاریکیی دەخاتەوەو، ئەوی دیش تیشکی ڕوو لە کەمبوونە،**
**ئەوان ئەو شۆخە بێناونیشانەیان کەمێك شێواندووە**
**کە لە هەر چەپکە زوڵفێکی ڕەشدا ئەو تاریکییە شنەی دێت،**
**یاخود بەنەرمیی و ئاستەم ئەو تروسکاییە لەسەر ڕووی ئەو دەدرەوشێتەوە:**
**هۆش و بیر لە وێدا بە ئارامیی و هێمنیی، هەر ئەو شیرینیی و شەنگییە دەردەبڕن کە**
**چەند پاك و، چەند خۆشەویستە، ئەو نشینگەیەی (ڕوخسارەی) کە ئەو تاریکیی و تروسکاییە تیایدا دەمێننەوە**

**لەسەر ئەو کوڵمەو، لەسەر ئەو برۆیە،**
**هێندە نەرمونیان و، هێندە ئارام، بگرە هێندەیش ڕەوانبێژو گۆیا،**

ئەو زەردەخەنانەی زاڵ دەبن و دەبەنەوە، ئەو شەبەنگانەی دەدرەوشێنەوە،
تەنها ئەو ڕۆژگارانە دەگێڕنەوە کە لە چاکەو جوانیدا ئەو بەسەری بردوون،
هۆشێکی ئاسوودەو ئاشت لەگەڵ هەموو دنیا،
دڵێك، کە خۆشویستنی ئەو، بریتییە لە بەرائەت!

٢-٤/٢) (جوانی بێناو) وەك کەرەستەیەکی ڕۆمانتیکییانە لای بایرۆن:

بایرۆن بڕوای وەهابوو کە دەبێت پەی بە لایەنێکی دەرونیی و هەستگەلێکی خودیانەی وەها ببرێت کە لێیانەوە ئەنجامێك بکەوێتەوە کە زۆر ناوازەبێت و بە خەیاڵی کەسدا نەهاتبێت[٢٣]، بۆیە لەم دەقەدا ئەم تێڕوانینانەی خۆی دەبینینەوە، لە کۆپلە یان ستانزای یەکەمدا، بایرۆن بەراوردێك لە نێوان جوانییەکی سروشتیی پێکهاتوو لە دژو پێچەوانەکان کە لە هارمۆنیدان – واتە تاریکیی و تروسکایی و ڕووناکیی–، لەگەڵ جوانییەك کە جەربەزەو بێباکانە خۆی بە نێو ئەو سروشتەدا دەکات ، تەحەددای ئەو ڕەگەزانەو ئەو دیمەنە سروشتییەی جوانیی دەکات.

کارەکتەری جوانی بێناونیشان، بەبێ پرس خۆی بە نێو ململانێی ڕەنگە دژەکاندا دەکات، دێتە سەر شانۆی سروشت و کێبڕکێ دەکات، پوختیی و ڕوونیی و ئارامیی شەوگارێکی ساماڵ بەرامبەر ڕوخساری ئەو شۆخەو ، پرشنگی ئەستێرەکانیش بەرامبەر بریسکەی چاوەکانی خۆدەنوێنن، هێندە زاڵ و براوەو ئازایە کە پرشنگی تروسکایی ئەستێرەکان کە لەسەر ڕوخساری ئەو شکاوو شکستخواردوو دەبن، دیمەنێك دێتە ئاراوە کە ئاسمان بۆ کەسی تری قبوڵ نییە ئەوەندە شۆخ و درەوشاوەو نەرم ونیان بێت، تەنانەت بۆ ڕۆژگاری پڕ لە تیشك و شەبەنگ و ڕەنگیش کە دەستپەروەردەو کێشراوی دەست و پەنجەی ئاسمان خۆیەتی.

لە کۆپلەی دووەمدا، هێرش و ئیرەیی تاریکیی و تروسکایی بەردەوامە، ئازا ئەوەیە کە جوانتر خۆبنوێنێت، بەڵام ئەوان لەپای ئەوەی خۆیان کێبڕکێ لەگەڵ ئەو جوانەدا بکەن، بوونەتە کەرەستەی شێواندن و ناشیرینکردن، چونکە ڕووی ئەویان ناشیرینکردووە، ئەوان لە هەر کوێدا لەسەر ڕوو قژی ئەو نازدارە خۆدەنوێنن، هێشتا بینەرو شاعیر هۆش و بیری هەر بەلای ئەو ڕوخسارو شوێنگەیەوەیە کە ڕووی ئەو جوانەیەو، ئەو تەختی شانۆیەیە کە تاریکیی و تروسکایی دەیانەوێت لەسەری سەرنجی بینەر ڕابکێشن، بەڵام سەرکەوتوونابن.

لە کۆپلەی سێیەمدا، چیدی دژەکان توانای بەرگریی و کێبڕکێیان پێنامێنێت، بەهێمنی تەختی شانۆ بەجێدەهێڵن بۆ ڕوکارو نیگارەکانی ئەو جوانە بێناوە. کوڵم و ئەبرۆو ئارامیی و ناسکیی و ڕەوانیی و زەردەخەنەکان –وەك ڕووکارە فیزیکیی و دەرونییەکانی لای گۆران باسکران– ەو گرەوو پێشبڕکێی و نمایشی جوانییە دەبەنەوە، دواتر وەك پاڵەوانە سەرکەوتووەکان ژیاننامەو یادگارییەکانی خۆیان لەبەر تیشکی جوانیی و چاکەی ئەو شۆخە بێناوەدا دەنووسنەوە.

---

[٢٣] بڕوانە: ایفور ایڤانز (١٩٥٨: ٦٠).

## ئەنجام

له کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا، گەیشتینە ئەم ئەنجامانە:

- مرۆڤ وەك دیارترین ئامانجی بەرهەمە ڕۆمانتیکییەکان دەردەکەوێت، کۆی ڕەهەندو بنەما ڕۆمانتیکییەکانیش دواجار بۆ گوزارشتکردن و دواندن و وێناکردن و خەملاندن و بەهاپێدانی ئەو کائینەیە، ڕۆمانتیکییەکان بەرجەستەبووی خواست و داخوازیی و ئارەزوو ویستە مرۆییەکان بوون، بەبێ ئەوەی لەم نێوەندەدا بایەخێکی ئەوتۆیان بە کات و شوێن دابێت، هەر ئەمەیش دیدگایەکی جیهانبینیانەی بۆ ئەدەبیاتی ڕۆمانتیکیی خوڵقاندووە.
- له بنەمای ئەندێشەگەریی و سۆزی قوڵ و بینینی نەستیانەو سروشتگەرێتییەوە، وێناکردن و ناونانی ئارەزوومەندانەو هونەرمەندانەو شیعرییانەی ڕۆمانتیکیانە سەرچاوە دەگرێت، ئەو دەرفەتە بۆ شاعیر دەسازێت کە بە ویستی خۆی ناو لە کەسەکان و شتەکان و دیاردەو کات و سەردەمەکان بنێت.
- لێرەدا وێناکردن و ناونای بێناوانە وەك دنیابینییەکی بەرفراوانتر دێتەکایەوە، بەشێوەیەك کە شاعیری ڕۆمانتیکیی دەیەوێت لە ڕێی شاردنەوەی ناسنامەی کەسێکەوە لەناو کەسەزۆرو جیاوازەکاندا بۆ کەسێك بگەڕێت کە خۆی دەیەوێت، یان وێنای کەسێك دەکات کە توانای زانینی ناوەکەی نییە، بۆ ئەوەی بتوانێت لە ڕێی پەسەنکردنی سیفاتەکانییەوە بەرجەستەی بکات، یاخود بەهایەکی گەورەتر بە کەسێك بدات کە بەناونەهێنانی گەورەتر لەوەی هەیە دەردەخرێت، بەهەموو ئەم شێوانە کەسێتییەکی ناولێنەنراوی ناو دەقێکی ئەدەبیی زیندووترو بزواوترو نەمرانەترو ڕەسەنترو سیفاتدەرخراوانەتر دەردەکەوێت، بەو مانایەی شاعیر دەتوانێت بەناو نەهێنانی کەسەکە ناوی هەموو ئەندامەکانی لەش و جوانییەکانی و شتە شاراوەو ئاشکراکانی بهێنێت. هەر وەك چۆن دەتوانێت مرۆڤێك بە ئەندێشە بخوڵقێنێت وەك ئەوەی کە شاعیر لە خەیاڵی خۆیدا دەیخوازێت نەك وەك ئەوەی خۆی هەیە.
- دەتوانرێت (جوانی بێناو) وەك کەرەستەیەکی ڕۆمانتیکیی، یان ئەدەبیی بەکاربرێت و ڕەهەندێکی جیهانیانەیش بە بەرهەمە ئەدەبییەکان ببەخشێت.
- هاوبەشێتیی و نزیکایەتیی زۆر لە نێوان ئەم دەقانەی هەریەك لە (وۆردزۆرس و بایرۆن و گۆران و مەولەوی)دا دەبینرێن، ئەمەش جیهانبینیی ڕۆمانتیکیی دەسەلمێنێت.
- توانستی ئەدەبیی باڵاو فراوانیی ئەندێشەو وردیی و بیرڕەنگینیی و بەسەلیقەیی و سۆزی قوڵ و زمان و دەربڕینی پاراو لای (مەولەوی و گۆران) دەبینین، کە لە ئاستی ئەدەبییاندا لە (وۆردزۆرس و بایرۆن) کەمترنین و ئەمەش پێزو تین و بەهای ئەدەبی کوردیمان زیاتر دەسەلمێنێت و دەرفەتی زۆرتر بۆ تێکەڵاوبوونی ئەدەبی کوردیی بە ئەدەبی جیهانیی دەسازێنێت.

## سەرچاوەکان:

### سەرچاوە کوردییەکان:


- رەزا سەید حسێنی (٢٠٠٦): قوتابخانە ئەدەبییەکان، وەرگێڕانی: حەمە کەریم عارف، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.
- ڕەفعەت موورادی (٢٠١٠): گۆڤاری هەنار، ژمارە (٥٧)، ساڵی پێنجەم، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.
- عیزەدین مستەفا ڕەسول (٢٠١٤): چاوپێکەوتن، ڕۆژی ٢٠١٤/١/١١، سلێمانی.
- محمدی مەلا کریم (دیوانی گۆران: ١٩٨٠): سەرجەمی بەرهەمی گۆران، بەرگی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.
- مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس (دیوانی مەولەوی:٢٠٠٧): بڵاوکەرەوەی کوردستان، سنندج.
- هەڤاڵ ئەبوبەکر (٢٠١٠): پێگەی ڕێبازی ڕۆمانتیکیی لە شیعری کوردیدا، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.
- هیمداد حوسێن (٢٠٠٧): ڕێبازە ئەدەبییەکان، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.


### سەرچاوە عەرەبییەکان:


- أتيللا أوزقرملي (٢٠٠٤): التيارات الأدبية في الأدب التركي، ترجمة: أشرف جميل، مجلة الآداب الأجنبية، العدد ١١٨، السنة التاسعة والعشرون، عدد خاص بالأدب التركي، اتحاد الكتاب العرب، دمشق.
- امام عبدالفتاح امام (١٩٨٤): دراسات هيجلية، دار الثقافة للنشر والتوزيع، القاهرة.
- أميرة حلمى مطر (١٩٩٨): فلسفة الجمال، دار انباء للطباعة والنشر والتوزيع، القاهرة.
- ايفور ايڤانز (١٩٥٨): موجز تأريخ الأدب الأنجليزي، ترجمة: د. شوقى السكرى و عبدالله عبدالحافظ، دار المصرية للكتب.
- الكسندر بلوك (١٩٧٧): دراسات أدبية وفكرية، ترجمة: يوسف الحلاق، منشورات وزارة الثقافة والارشاد القومي، دمشق.
- بولند اجاويد (٢٠٠٤): لماذا الشعر؟ وقصائد، ترجمة: شوكت آقصوى، مجلة الآداب الأجنبية، العدد ١١٨، السنة التاسعة والعشرون، عدد خاص بالأدب التركي، اتحاد الكتاب العرب، دمشق.
- حاتم الجوهرى (٢٠١٣) وليم بليك: سيد الرومانتيكية، الحوار المتمدن.
- فيليب فان تيغيم (١٩٨٠): المذاهب الأدبية الكبرى في فرنسا، ترجمة: فريد أنطونيوس، الطبعة الثانية، منشورات عويدات، بيروت – باريس.
- محمد غنيمي هلال (١٩٧٠): دراسات ونماذج فى مذاهب الشعر ونقده، دار نهضة

مصر للطبع والنشر.
- محمد غنيمي هلال (١٩٧٣): الرومانتكية، دار العودة- دار الثقافة، بيروت.

سەرچاوە ئینگلیزییەکان:

- Charles Feidelson (1953): Symbolism and American Literature, Chicago University of Chicago Press, Phoenix Books.
- Ernest Bernbaum (1949): GUIDE THROUGH THE ROMANTIC MOVEMENT, University of Illinois, The Ronald Press Company, New York.
- Jacques Barzun (1961): Classic, Romantic, and Modern. Reprint University Of Chicago Press.
- Timothy Morton (2004): CULTURES OF TASTE/THEORIES OF APPETITE, First published 2004 by:PALGRAVE MACMILLAN™, New York.

سەرچاوە ئینتەرنێتییەکان:

- www.articlemyriad.com
- www.azaheer.org
- www.poetryfoundation.org

## (الجمال غير المسماة) كمنظور رومانتيكي
## (مەولەوی ، گۆران، وردزورث، بايرون) كأمثلة

تدرس هذه الرسالة (الجمال غير المسماة) ضمن الأطر العامة والخاصة للرومانتيكية ومنظورها. إن الإنسان يُعتبر الغاية الأسمى في النتاجات الرومانتيكية حيث تتمركز حوله إبعادها وأسسها التعبيرية، وقد إتصفَت مبادئُ الرومانتيكية بالصفة العالمية المشتركة منذ بدايات بزوغ أدبها. يبتغي الأدب الرومانتيكي الوصول إلى المضامين السامية والقَيِّمة ، وينظر من الداخل إلى الخارج نظرةً لاشعورية تلقائية، حيث تُسَلِّم زمام الشعور خِلالها لسلطة وهيمنة اللاشعور، جامِعاً الإشياء والاشخاص والأزمنة والأماكن والأحداث التي لا يمكن جَمعُها في الحياة الطبيعية بسهولة. إن الخيال الرومانتيكي يمكنه إحداث التغير في بُنية العلاقات التي أنتجت حقائق معينة، ويعيد إنتاج حقائق أخرى من خلال إكتشاف علاقات أخرى غير محسوسة من قَبل، والتي تَعتَمِدُ أساساً على حساسية وصفاء ذهن الكاتب.

إن مبدأ (الجمال غير المسماة) في الخيال الرومانتيكي يفسح المجال للشاعر ليتمكن بِمَلأ إرادته من تسمية الأشخاص والأشياء والظواهر والزمان والمكان، بحيث يكون الشاعر فيه كالرسام أو النحاة بحد ذاته، وتنطبق هذه التسميات على كُل مَن يَتَّصِفُ بالصفات التي يرسمها الشاعر له.

إن تطبيق مبدأ (تسمية الجمال) يُمَكّننا من تعميمه وإظهاره كمبدأ مشترك لدى العديد من الشعراء الرومانتيكيين، بغض النظر عن إختلاف العصور والأماكن والأشخاص. وقد قُمنا في هذه الدراسة بتقديم عِدّة نصوص شعرية تمثل مبدأ العالمية المشترك، ونستنتج بأن الشاعر الرومانتيكي يقف في فسحة الخيال أمام ذاته، لا أمام غيره في الخاج، حيث يرى ما يريدُ ويلمس ما يشاء وينتج الجمال أيضاً.

# (Unnamed Beauty) as a Romantic Perspective
# (Mawlawi, Goran, Wordsworth, and Byron) as Examples

This research studies (Unnamed Beauty) within the public and private frameworks of romanticism and its perspective. The human being is the ultimate goal in the romantic products where their dimensions and expressions are centered on human being. The principles of romanticism have been characterized by the common feature of universality since its emergence. Romantic literature aims at having access to the contents of the high values and valuable contents, unconsciously and spontaneously looking at things from inside towards outside, where the reins of senses will be given to the authority the dominance of the unconsciousness, combining things, people, times, places, and events that cannot be collected in the normal life, easily. The romantic imagination can make a change in the structure of relations that produced certain facts, and it can reproduce other facts through the discovery of relationships not dealt with before, which mainly depend on the sensitivity and clarity of the mind of the writer.

The principle of (Unnamed Beauty) in the romantic fantasy gives more space to the poet to be able to give names freely to certain people, objects, phenomena, time and place. So, the poet will be exactly like a painter or a sculptor, and these names are applied on all who are characterized by qualities the poet attributes to them. Applying the principle of (Naming the Beauty) enables us to generalize and show it as a common principle to many of the Romantic poets, regardless of differing ages, places and persons. In this study, we have provided several poetic texts as examples of this universal mutual principle, and concluded that the Romantic poet stands in the imaginative space in front of his/her own self , not in front of other external figures, where he sees and touches what he wants, and eventually produces beauty, as well.